

# کولتوور و نامووس

ئارام کەماڵ مەحمود

شەممە ٢٠٠٦/١٢/٢

ئەو ژنانەی کەدەبنە قوربانیی دەستدرێژی، سەرەرای ئەم قوربانی دانەش، ماف ئەوەیان لەسەرە کە لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە حوکم بدرێن. زۆر جاران ئەو حوکمە بنەماڵەییانە لێدان، دوور خستنەوە لە بنەماڵە و بەزۆر بەشوودانە بە دەسدرێژیکەر و لەبنەماڵە هەرە کۆنە پارێزەکانیشدا کوشتن چاوەڕوانیانە.

کچێك ئەگەر لە شەوی زەماوەندیدا پەردەی بوکێنی نەمابێت، تووشی وەحشیانەترین ئازار و سوکایەتی پێکردن دەبێ و لەوانەشە سەری تیا بچێت.

پەردەی کچێنێ تۆقێکە لە ملی ژندا ، تۆقێکە کە ناوی شەرەف و ناموسی لێ نراوە. کچێك ئەگەر ئەم تۆقە لە ملی بشکێنێت و ڕازی نەبێت وەك کاڵای دەس لێ نەدراوی کەس و کار یا شووی داهاتوی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، دەکەوێتە بەر غەزەبی کۆمەڵگا.

کاتێك باس لەدەستدرێژیی (نامووس)یش دەکرێت ئەوا مەسەلەی پێوەرە ئەخلاقییەکان دێتە ئاراوەو هەوڵ دەدرێت، لەجیاتی لێپرسینەوە لەو زوڵمە، مەسەلەکە ئاشکرا نەبێت.

ئەمە وا دەکا کە زۆرداریی جینسی دەبێتە شتێکی تایبەتی و تاکەکەسی. لەڕەوشێکی ئاوادا زۆر زەحمەتە ژنان بتوانن باس لەدەستدرێژییەکان بکەن، چوونکە باس کردن لەمەسەلە تاکە کەسییەکان بەعەیب دادەنرێت.

ئەو ژنانەش کەسەرەڕای هەموو ئەم سنوورانەش باس لەو دەستدرێژیانە دەکەن کە کراوەتە سەریان، زۆر بەزەحمەت دەتوانن ماف لێپرسینەوەی یاسایی وەدەست بێنن. هەردوو یاسای حاکم، هەم دەوڵەت و هەمیش نەریت، دەیانەوێ کە مەسەلەکە پووش بەسەر بکرێ و دەنگی لێوەنەیەت.

بەگوێرەی نەریتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەستدرێژی جینسی وەك شکاندنی یاسا گشتی و بنەماڵەییەکان چاوی لێ دەکرێ. پاراستنی سەروەریی و شەرافەتمەندی ژنان نابێ بکرێتە قوربانی سەروەری و شەرافەتمەندی بنەماڵەو کۆمەلگا.

بە کورتی واتە، ئەو کەسەی کەدەستدرێژی دەکاتە سەر ژنێك دەبێ ژیانی هاوبەش لەگەڵ ویدا پێك بێنێ؛ ئەوە" سزا"ی پیاوەکەیە. بەڵام ژنەکە بۆ هەموو تەمەنی خۆی سزای ژیان لەگەڵ دەستدرێژیکەری سەر خۆی بەسەردا دەسەپێندرێ. ئەم پێکهاتنە بۆ بنەماڵەی قوربانییەکە وەك ڕزگار بوون چاوی لێ دەکرێ.